www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 19:09 17-10-2006

## لاوازكردنی ئینتیما و مەترسییەكی گەورە ... جەلال محەمەد عەلی

وەك ئاشكرایە كورد یەكێكە لەو گەلانەی رۆژهەلاتی ناوەراست كە سالانێكی زۆرە لە ژێر ستەمی داگیركەران و بێگانەدا دەژین، لەو ماوە زۆرەشدا خەباتی بێ وچانی كردووە و سەرو مالی زۆری بەخشیوە و لاوانێكی زۆریشی لەو رێگەیەدا شەهید بوون.

ئەمرۆ بەشێك لەو خەباتە دوور و درێژە و لە كوردستانی عێراقدا بەرهەمێكی داوە و فرسەتێكی باشیش دەستی ئێمەی گەلی كورد كەوتووە، بۆیە دەبێت لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا رێخۆشكەرییەكی باشی بۆ بكرێ تا ئەم ئەزموونە بەردەوام بێت و گەورەتر و جوانتریش پیشان بدرێ و حكومەت و دام و دەزگاكان میللی بكرێن و بە راستی بكەونە خزمەتی ئەم گەلە ستەمدیدەوە، كە سالانێكی زۆرە لە بەدبەختی و ناسۆردا دەژی، هەروەها وەك وەفایەك بۆ ئەو هەموو نەوە شەهیدەمان كە خەباتیان كرد لە پێناوی رزگاربوون و ئاسودەیی گەلەكەیان دەبێت حكومەتی ئێمە ئەوپەڕی دادپەروەری و ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەم گەلە دابین بكات، بەلام بەداخەوە ئەمرۆ خەلكی كوردستان لە ژێر دەسەلاتی خۆمالیدا گلەیی و گازەندەی گەورەیان هەیە لە حكومەتەكەیان و ئاهی سارد هەلدەكێشن، كە بەری خەباتی دوور و درێژیان گەیشتۆتە حالەتێك كە نائومێدیی زۆری پێوە دیارە، گەنجێكی هەندەرانیم بینی كە گەڕابوویەوە بۆ كوردستان وتی: بە راستی لەو ولاتەی منی تێدابووم حەزم دەكرد هەمیشە خاكەكەی ماچ بكەم، چونكە زۆر خزمەتیان دەكردم و ئاسانكارییان بۆ دەكردم و رێزیان لێ دەگرتم. بە راستی ئەم قسەیە زۆر سەرنجی راكێشام و زۆریش سوودم لێ وەگرت، بەلام لە هەمان كاتدا زۆر جێگەی نیگەرانی و دلتەنگی بوو بۆ من.

جارێ با بپرسین ئایا چی وایكرد لەو هەموو لاوانەمان كە بە رێگەی پڕ مەترسیدا بكەونە رێ بەرەو هاندەران؟! ئایا شەڕی ناوخۆی كوردكوژی و براكوژی و خۆكوژی هۆكارێكی سەرەكی نەبوو بۆ ئەو كۆڕەوە بەرەو هاندەران؟

ئایا دروستبوونی حیزبایەتی و پشتگوێخستنی گەل و گەنجەكان هۆكارێكی تریش نەبوو تا لاوەكانمان پۆل پۆل ولاتی شیرینی خۆیان بەجێ بهێلن، هەموو شت بە كەم نرخ سەیر بكەن.

ئایا حیزبایەتی نەبووە جێگری كوردایەتی و لەوێشەوە هەموو ئەوی تریش جگە لە حیزبی دەسەلات نەبووە هاوولاتیی پلە دوو و سێ؟

ئەرێ ئەمە لاوازكردنی ئینتیما نییە بۆ گەل و نیشتمان؟ ئەگەر نیشتمان هی هەموانە، بۆچی تەزكیەی حیزبی؟ ئەگەر نیشتمان هی هەموانە، بۆچی كۆمەلێك خاوەن بن و خەلكی تریش خێرپێكراو؟ بۆچی دەبێت خەلكی دەسەلات ئازاد بن و ئەوانی تریش دەم و دەس بەستراو؟

نەڕۆیشتنی خەلكی كوردستان بە گشتی و لاوان بەتایبەت بۆ دەنگدان لەسەر دەستور، گەورەترین بەلگەی لاوازبوونی ئینتیما بوو بۆ گەل و نیشتمان، بەلام بەداخەوە هەردوو حیزبی دەسەلات حیسابی جددییان بۆ نەكرد، گەلێك ئامادە بوو هەموو شتێك ببەخشێ بە نیشتمان تەنانەت رۆلە خۆشەویستەكانی، بەلام لە كاتی دەنگداندا بۆ دەستور (بەلێ) یەكی لی زیاد بوو بیدات بۆ دەستورێك كە زۆرێك لە مافەكانی كوردی تیا مسۆگەر دەكات! ئەمە كارەساتی گەورەیە، ئایا ئەگەر سبەینێ خاكی كوردستان كەوتە بەر مەترسییەكی داگیركردن، كارێك نەكراوە كە خەلكێك ئامادە نەبوون (بەلێ) یەكی بۆ بكەن، ئێستا یەك فیشەكی بۆ نەتەقێنن و ئامادە نەبن بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆیان بكەن؟

دەسەلات و حیزب هەمیشە پێویستیان بە گەلێكی دلسۆزە و نابێت بە شتە رووكەش و روالەتییەكان بخەلەتێن، هەموومان دەزانین كە (سەدام) چۆن بە ترس و تۆقاندن گەلێكی بە روالەت دلسۆز و بە

ناوەڕۆك لەرزۆك و بێ نیشتمانی دروست كرد و لە ماوەی (35) ساڵی دەسەڵاتیدا هەوڵی دا پایەكانی دەسەڵاتی بەعس بەهێز بكات و دارو بەردی كردبووە بەعسی و ـ بە حیسابی خۆی ـ خەڵكی نیشتمانپەروەر، بەڵام حكومەتێكی (35) ساڵ بەرگەی (21) رۆژی رووبەڕووبوونەوەی نەگرت! ئای چ (21) رۆژێكی ئابڕوبەرانە بوو.. كەس ئامادە نەبوو بەرگری لە نیشتمانێك بكات كە خۆی بە خاوەنی نەدەزانی!!

گەلێك خێری لە حكومەت و دەسەڵاتی خۆی نەبینی، ئایا چاوەڕوان دەكرێ چیی بۆ بكا؟

پێم وایە سوتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە بەڵگەیەكی ترە بۆ لاوازبوونی ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان، ئەگینا چۆن خەڵكێك دێن مێژووی خۆیان دەسووتێنن؟

وڵاتێك جادە و رێگاوبانەكەی لە رێگاوبانی وڵاتێكی ئەفریقیا باشتر نەبێت، چۆن ئینتیمای نیشتمانیی لاواز نابێت؟ وڵاتێك بیەوێت رۆژنامەنووسە ئازا و بوێرەكانی بێدەنگ كات و هەندێكی تریش هەمیشە تاوانبار كات بە تیرۆر و نۆكەری و چەندین تۆمەتی پڕ لە بوغز و كینە و بێ بەڵگە، چۆن ئینتیمای كوردایەتی و نیشتمانیی لاواز ناكات؟

وڵاتێك پڕ بێت لە هەژار و كرێچی و، گەلەكەی وەك ئەوە وابێت لە ئەشكەوتتدا بژین و، دەسەڵاتداریش لە قەسرە چەند نهۆمییەكان و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بژین، ئایا چاوەڕێ دەكرێ ئینتیما و خۆشەویستییان چۆن بێت بۆ نیشتمان... ؟

بە كورتییەكەی ئەگەر حكومەت لە خزمەتی حاڵ و ماڵ و گیرفانی كۆمەڵێك خەڵكدا بێت و پێی دەوڵەمەند بووبن و، گەل و نیشتمانەكەشیان و زۆرینەی هاووڵاتیان بێبەش كرابن لە ئیمتیازات و خزمەتگوزارییەكانی دەوڵەت، ئیتر ئینتیما بۆچی بێت و، چۆن لاواز نابێت؟!

ئاوو كارەبا كە سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیانە، حكومەتێكی دوای (15) ساڵ دەسەڵاتی خۆی نەتوانێت ئەو دوو مافە بۆ هاووڵاتی دابین بكات، چۆن ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان لاواز ناكات؟ حكومەتی عێراقی دوێنێ دامەزراوە داری بەسەر بەردەوە نەماوە و دەیەها كێشەی وەك تیرۆر و شتی تری هەیە، بە چەند هەوڵێكی ناوخۆیی و گرێبەست لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ئێستا كارەبای باشتری بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دابین كردووە، ئەی ئێمە چەندین ساڵە بۆ ئەمانەمان پێ نەكرا؟!

ئەی بۆی ئەو هەموو سەروەت و سامانەمان كە بە گومرگ و شتی تر پەیدامان دەكرد و، دەماندا بە تەقەمەنی و شەڕی ناوخۆمان پێ گەرم دەكرد؟

ئایا نەدەكرا كوردستانی پێ ئاوەدان بكەینەوە و برسی و رووت و رەجاڵەكانی زەمانی گرانیی پێ تێر و دڵخۆش بكەین.

ئێستاش پاش (3) ساڵ لە رووخانی بەعس و دیاریكردنی رێژەیەكی باش لە بودجەی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان، بۆچی تا دێت كێشە و قەیرانەكانی زیاتر دەبن؟

بەڵێ ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان قەیرانێكی گەورەی ئێمەیە و بەرپرسیاری یەكەمیش تێیدا دەسەڵاتە و چارەسەریش هەر لەوێوە دەكرێت.

بۆیە دەسەڵاتی كوردی دەبێ بەئاگا بێت و پیاچوونەوەیەكی جددی بكات تا جیاوازیی گەورەتر لەنێوان خۆی و گەلەكەیدا دروست نەبووە و، ئەوكات هەموانیش بە گەل و دەسەڵاتەوە زەرەرمەند بین.

پێویستە ئەم وڵاتە هی هەموان بێت نەك تەنها موڵكی حیزبی دەسەڵات بێت و لە ناو ئەوانیشدا مۆڵكی بەرپرسان بێت، دەبێ هاووڵاتی هەست بە دادپەروەری و یەكسانی بكات و دەسەڵاتیش وەكو پیشەی هەمیشەیی مێژووی كۆن لێ نەداتەوە، بەڵكو خزمەتكردن بە هەموو گەل بە ئەركی گەورەی خۆی بزانێ و ئەوە بكاتە پێوەر بۆ باش و ناباشیی بۆ خۆی، ئەوەندە ژیانی هاووڵاتی خۆش بكات تا ئامادە بێت نەك ماچی نیشتمانەكەی بكات، بەڵكو ئەوەندەی خۆش بوێت، هەموو شت لە پێناویدا ببەخشێت.

ئێمە هێزی سەربازی و ئابووری و تەكنۆلۆجیی گەورەمان نییە، ئەگەرچی لە ناوچەیەكداین چەندین هێزی زەبەلاحی ئیقلیمی هەن و نەیاری ئەزموونی ئێمەش كە رەنگە لە ئێستادا ئەو هێزانە بۆ ئێمە دەستەبەر نەبن، بەڵام ئایا ناتوانین هێزی جەماوەری بەدەست بێنین، بەوەی دڵی جەماوەر خۆش بكەین بە خزمەتگوزاریی باش و بە عەدالەت و یەكسانی و خەمخواردنی هاووڵاتیان و باشكردنی ژیان و گوزەرانییان و، لەوێشەوە ئینتیمایان بەهێز بكرێ تا لە خۆشی و ناخۆشیدا و لە شەڕ و ئاشتیدا پشتیوانی ئەزموون و حكومەتەكەیان بن؟!

بە داخەوە ئەمڕۆ لە كوردستاندا زۆرێك لە ئینتیماكان لاواز كراون، ئینتیمای كوردایەتی و ئینتیمای حیزبی و ئینتیمای ئیسلامی، كە ئەمانە هەموویان تەواوكەری یەكترن و زەرورەتن بۆ گەلێك بیەوێت ئایندە و شارستانیەتی هەبێت.